عەفرین و تێوانینەکی مارکسستی! … سامان کەریم

عەفرین داگیر کرا. عەفرین لەلایەن سوپایەکی گەورەو بە جبەخانەی تەکنەلەژی جەنگیەوە، دواجار داگیرکرا لەلایەن ژمارەی بورژوای ئەردوگانەوە. ئەمە لەسەرەتاوە ڕوشن بوو، سەرەڕای بەرگری جەسوورانەی هیزەکانی پەیدە" یەپەگە" و"یەپەژە"، سەرەڕای خۆپیشاندانی چەندین هەژارەوە بەردەوامی کوردەکانی هەموو کوردوستانەکان و حزبە کۆمۆنیستیەکان و ئازادیخوازان و هەم لە دەرەوەو هەم لەشارەکانی کوردستانی عیراق و سوریا و ئیران... سەرەڕای هەموو ئەوانە عەفرین داگیر کراو هێزەکانی پەیدە پاشەکشێیان کرد. ئێستا عەفرین سوپای داگیرکاری تورکیای تیایە لەگەڵ تیرۆریستە ئیسلامیە بەکرێگیراوەکانی.

گومان لەوەنەبوو، وەنیە کە بە کۆمۆنیزم بەرگریکردن لە عەفرین سیاسەتیکی دروستی کۆمۆنیستی بوو، وە لەمبارەوە کۆمۆنیستەکان لە ڕیزی پێشەوەی ئەو هەڵزو کۆسانە بوون، کە دژی شەڕ بوون وە دژی هەڕشەکانی سوپای فاشستی تورکیا بون بە سەر عەفرینو پیشتوانی خەیان بە هیزەکانی پەیدەو خەڵکی چاونەترسی عەفرین ڕاگەیاند و بە پراتیکیش ئەوەیان نیشان دا، چ لە دەرەوە وە چ لە شارەکانی کوردستان. وە لەژێکانی سەرەتای هەڕشی سەربازی تورکیادا بوو کە حزبی کۆمۆنیستی کریکاری عێراق ناڕازایەتی خۆی نیشان دا، لە شاری بەغدا. بەیام باس و ڕەوداوەکە بە مە نەک تەواو نابێت بەڵکو، ئەم پراتیکە دروستە لە چوارچیوەی هەلومەرجی دژوارو ئاڵوزی ناوچەکە ونەبوونی درکەکی ڕوشنی مارکسستی بە کەی هەلومەرجی ناوچەکە، ون دەبێت، بە قازانجی ناسیونالیزم. لەمبارەوە ئەمە یان نەمانوسیوە، یان زەر کەممان نوسیوە. بەش بە حالی خۆم پێستەکی کورتم لە فەیس داگرتوە ، کە زیاتر باسی شیوەی کاری کۆمۆنیستیم کردوە، نەک سیاسەتیکی هەمەلایەنەی کۆمۆنیستی.

ئەم باسە بۆچی پیویستە وەلام وەربگرێتەوە، بۆچی مەسەلەیەکی گەورەیە؟! بۆچی دەبێت مارکسستەکان هەوەستی ڕوشنیان هەبێت و ڕیزی سیاسی و سەربەخۆی چینی کرێکار لەم قۆناغە هەجگار ئاڵوزو پڕ گرۆگۆڵە، جیابکەنەوە ، هەم لەناسیونالیزمی کورد وهێزسیاسیەکانی لە هەموو کوردستانەکان، وە هەم لە ئیسلامی سیاسی وە لەڕوانگەی " ئینسانیەتی" ی ڕۆژئاواو ئەمریکاو و هەم ووڵاتان و زلهێزەکانی نیو

سوریا … ئەمریکاو هاوپەیمانانی و روسیاو هاوپەیمانانی… ئالۆزی مەسەلەی عەفرین یان کۆرکوک بە نمونە … لە هەلومەرجی مێژوی ئاگوزاری " ئینتقالی" ئێستا سەرچاوە دەگریت. باسی عەفرین لە ئێستادا باسی بزانبرکێ و ململانێی " کورد" و "تورک" نیە بەتەنها بەلکو هەلومەرجێکە فراوانتر وە ئاڵۆزترە. بە پێجەوانەوە عەفرین وکۆرکوک و ئەم ڕووداوە مەرگبارانە لە چوارچێوەی ئەم هەلومەرجە تازەیەدا ڕوودەدەن و دەبنە ڕووداوو مەسەلەیەکی نیو دەوڵەتی، نەک بە پێچەوانەوە. واتە ئەگەر مەسەلەی دوبارە دابەشکردنەوەی ناوچەکە و دوبارە ڕێخستنەوەی هێزهاوسەنگی نێوایە لەنێوان زلهێزەکانی دونیاو ناوچەکە، ئەم ڕووداوانە بەم شێوانەی کە ڕویان دا، هەرگیز نەدەبوون.

لە ڕوانگەی کوردایەتیەوە " پێشمەرگە" لە هەموو کارێکی دا جیگای پشتوانی و کەمەکە وەکو چۆن یەکێتی نیشتمانی پراتیکی دەکات. بەڵام لە ڕوانگەی کۆمۆنیستی یەوە وانیە، لە سیاست و پراتیکی دیاریکراودا لە جەرگەی ئەم هەلومەرجە دژوارەدا، جێگای لێکدانەوەی جیاوازە. بە نمونەو زیاتر ڕەشنکردنەوەی باسەکە. "پێشمەرگە" لە عەفرین جێگای پشتیوانی بوو وە هەیە، لە کۆبانی بەهەمان شیوە، لە هەردوو بارەکەیدا مقاومەتی کردوە دژ بە داگیرکەرو تیرۆرستان و هەروەها خەڵکەکەی پاراستوو لە فەزایەکی ئارام و ئەمندا ڕایگرتوون… لەم ڕوانگەیەوە دروستە وە پیویستە هاوپشتی بکرێت. بەڵام " پێشمەرگە"و هێزەکانی بە نمونە لە ڕەقەو دێر ئەلزور کە پێش لەشکری بە ئەمریکا دەکەن پێویستە ڕەخنەیان لێبگیرێت وەک بەرەیەکی شەڕو پیش لەشکری کردن بە هیزێکی وەک ئەمریکا. ئەم سیاستەی " پێشمەرگە" بوو وای کرد کە هاوپشتی جیهانی دژ بە هەرشی تورکیا بە سەر عەفرین هەجگار دابەزیبوو بە بڕاورد لەگەڵ هاوپشتی جیهانی بە کۆبانی. لەگەڵ ئەمریکا بوون، باجی هەیە.

مەسەلەی " کورد" ئەمڕۆ لە چوارچێوەی سیاستی ئەمریکاو ڕۆژئاوادا کایەی پێدەکرێت، ئەمریکا بڕی دەدا، فڕانسا یان بڕتیانیا دێگرێتەوە، وە پێچەوانەوە هەر ڕاستە. کایەی پێدەکرێت نەک لەڕوانگەی بزوتنەوەی کوردایەتیەوە کەهەمیشە باسی ئەوەدەکەن ئەمریکا" خیانەتی" لێکردون، بەڵکو کایەیەک کە لەچوارچێوەی ئیستراتیژیەکی عەمەلی نادیاری ئەمریکاو ڕۆژئاوادا بەپێی بڕژوەندی خۆیان لەم هەلومەرجەدا دێت و دەچێت. سیاستی کردنەوەی قەیرانەکان و بەجیهێشتنی لە لایەن ئەمریکاوە بۆتە تەوڕیەکی سەرکی لە سیاستی ئەم قۆناغەیدا. " هێزە ناسیونالیستەکانی کورد"

لە چوارچیوەی ئەم سیاسەتی ئەمریکادا ڕۆژی سەرکی دەگەڕێن. بەڵام تەنها لە چوارچیوەی ئەم تێوڕە سیاسیەدا، نەک لە کەی ئیستراتیژی سیاسی و ئامانجی سیاسی ئەمریکا لە ناوچەکەدا. هەر بۆیە بوونەتە داردەستی هێزە گەورە جیهانی و ناوچەیەکان.

تیگەیشتن لەم ڕاستی یە ئاسانە. ئەمریکا لەکاتی ڕیفراندەمی کوردستانی عیراقدا، بەقەولی سەرانی بزوتنەوەی کوردایەتی " پشتی لەکورد کرد" و لە هەرشی سوپای عیراقو حەشدی ئیسلامی دا بەسەر کەرکوک، نەک فزەی لەوە نەهات، بەڵکو بیانوی بە هەرشەکە دەهنایەوە. بەڵام ئێستا دیسان دیپلۆمات هێزەکانی " پێشمەرگە" بچنەوە ناوچە جێناکۆکەکان کە لە ١٦ی ئۆکتۆبەری ساڵی ڕابوردووەوە بەپشتیوانی ئەمریکا دەرکراوون لێی. ئەوە ڕاستیەکی حاشاهەڵنەگرو مێژووی هەجگار تازەیە. وە سیاسەتی ئەمریکا لە هەردوو بارەکەیدا ڕوشنە. بەڵام پەڕەچیت بورژوای کورد و بەتایبەت بزوتنەوەی کوردایەتی و هێزەکانی تەنها لە جێگەی ئەمریکا ئاو بخنەوەو بیان تەرک ناکرێت سەرای " ئاش بەتاڵ" و " ٣١ ی ئاب" و " ١٦ی ئۆکتۆبەر" و " عەفرین" و دواجار ئەوە ئەمریکا دەڕێت " سوریا چەل دەکەم" ، ئەو ٢٢٥ ملیۆن دۆلارەشی لە " هەسەدە" بۆی بە پێ بیاری ترامپ، مەگەر سعودیە تەواوی بکات. ئەم جێگۆڕیە ئاوەکەی سازگار دیارە بە سەرانی بزوتنەوەی کوردایەتی. سیرو سەمەرە ئەویە دە خشکەی بەوەی ماکرۆنی فەرەنسا رزگارت بکات و هێزت بە بنەڕەت!! وە ئەگەر ناردیشی هیچ نیەو زیاتر بە بە شایی پێکردنەویە. بەڵام ئەوە ئیتر تێنەگەیشتنە لە دونیای سیاسەت لەمردا.

ماکرون و هۆلاندو بلێر و تەرزامای وەهموو ئەو نێکەرانەی سەرمایەو ئەمریکاو لیبرالیزمە نوێیەکەیان زۆر لەوە جەبونترو بە دەسەاتترن کە بتوانن ببە ئەمریکا یەک هەنگاو بنێن. مەسەلەی سەرکی ئەویە ئیستراتیژی ئەمریکا لە ناوچەکە شکستی خواردەوە، سەرانی بزوتنەوەی کوردایەتی بە " پێیدە" شەوە نایانەوێت دان بەم ڕاستیەدا بنێن، بە قەول و پەیمانە لەفزیەکانی تەدەکەون.

باسی عەفرین گرینگە و پەویستە سیاسەتێکی ڕوشنی مارکسستی لەبارەوە پیادەبکرین ، بەدیاریکراوی لە هەلومەرجی کەمەلایەتی و مێژووییی ئەم ساتە وەختەو و هەروەها سیماکانی یاسای بزوتنەوەی مێژوو لەم قۆناغە ناسک و خەترناک و ڕاگوزەرەی خەباتی چینایەتی دا، جێگاو ڕێگای ئەم ڕەوداوە و ئەم باسە زیاتر گرینگتر دەکات. لەکاتێکدا کە تەواوی ناوچەی ڕۆژهەاتی ناوەڕاست لەسەر ئاگرەو لەم نێوەدا مەسەلەی "کورد" لەم چوارچیوەیدا پانتاییەکی گەورە پێدا

دەکات. بەکەنکرەتی ئەگەر سەرنج بدەین ناسیونالیزمی کورد لە ئێران و ئۆپۆزسیۆنی بورژوای ئیرانی خۆی ئامادە دەکات بۆ لێدانی ئیران یان تەکچونی هەلومەرجێکی … هەلومەرجی سوریا ئالۆزتر بوو، لە عیراق دیسان هێز هاوسەنگیەکان چاوەڕێ ئالۆگۆری گەورەترن، بۆتایبەت لە دوای هەڵبژاردنەوە، هێزەکان هەموو چاوەیی ئەنجامی هەڵبژاردنن و ڕیزی بزوتنەوەی کوردایەتی هەرگیز هێندە شەقوشۆ نەبوو. نەو خۆی تورکیا بەهەمان شیوە زیاتر ڕووی لە لەکترازانە وەک لە ئەمن و ئارامی.

لە هەلومەرجو چوارچیوەیەکی ئاوادا ناسیونالیزم دەتوانیت خۆی دەمەزرەد کاتەوە. ناسیونالیزمی کورد، لەعیراق بەهۆی شکستی "ڕیفراندەم "و چارەکە موچەو بلاوبونەوەی برسێتی و گەندەڵیەکی هەوسارپساوەوە، دواتر خەپیشاندانەکانی دژ بە چارەکە موچەوە، زەربە دەخوات " بروخی دزو…" و" تاڵەبانی و بارزانی ئەندازیاری تاڵانی…" بەناو بەهۆی ناسیونالیزمی پەکەکەو پەیدەوە دەمەزرەد دەبێتەوە، ناسیونالیزمی کورد وەک ناسیونالیزمی عەرەب لەکەڵی نیە لە پانتاییەکی فراواندا دەتوانێت بشۆڕی جیاواز خۆی دەمەزرەدو زیندو کاتەوە. بە نمونەی مانەوەی سوریا ئومیدو هیوایەکی گەورەی دایە دەست ناسیونالیزمی عەرەب لە ئاستە ناوچەییەکیدا، ئێستا لە میسرو لە لیبیاو تونس و تەنانەت عیراق و هەروەها جەزائیر گوڕو تینەکی دیکەی بەخۆیەوە گرتووە. بە کوردستانیش ئەم دیاردەیە دروستە، جا لەوانەیە حزبەک لە حزبەکان لاواز بێت، بە نمونە یەکێتی و پارتی بەلام بە ئەوەی ناسیونالیزم وەک بزوتنەوەیەکی کەمەلایەتی زەربەیەکی گەورەی لێکەوتبێت. کەمێنیزم دەبێت لەمبارەوە هەنگاو بەهەنگاو لە هەوەی جیاکردنەوەی ڕیزی سەربەخۆی چینایەتی کرێکاردا تیبکۆشێت و هەول بدات ئەم ڕیزە ئامادەو بەخراوبکات.

ڕوانگەی ناسیونالیزم بۆ شۆڕی ءەفرین

ناسیونالیزمی کورد، بەگشتی و لەئاستی ناوچەی و هەروەها ناسیونالیزمی پەکەکەو پەیدەوەک بەشیک لەم بزوتنەوەیە، تەروانین و ڕوانگەی تایبەت بەخۆیان هەیە سەبارەت بەرای چەند جیاوازیەک لە نەوانیاندا لەبارەی فەرمەوە بەلام لە ناوەڕۆکدا ناسیونالیزم " کورد" و" کورد بوون" و" نەتەوەی کورد" یان " پێکهاتەکان" و " جوگرافیاو سنوری کوردستان" دیارە جوگرافیای جیگا باوەی خۆیان، لە هەموو شتێکی دیکە زیاتر لا پیرۆز و لەپێش هەموو ژیانی ماددی و واقعی ئینسانەوە ئەژمارەکرێن ودەبنە بناغەی هەر تەوانین و هەلویستێکی سیاسی و پراتیکی و بەرنامەیش.

باسی " موچ " و برسیکردنی خ‌لکی کوردوستانی عیراق ب‌ ماوی دووسا‌ زیاتر ب‌ کر‌کارو فرمانبرو ماموستاو، ب‌ ئ‌م بزوتنو‌یی هر باس نی‌. هیچ هزیک ل‌و هزانی بزوتنو‌ی کوردایتی ل‌ هموو کوردستان‌کان ل‌سر برستی دووسا‌ی خ‌لکی کوردستانی عیراق نهاتدنگ وهاوپشتی درنبی ب‌ خ‌لک‌کی...دسا‌تی ئ‌م بزوتنو‌ی‌ وک نونری بورژوای کورد ب‌ ئاستک ب‌ باک‌ ل‌ ئاست ژیان و گوزرانی خ‌لکدا ک‌ ل‌ مژودا ب‌ ونی‌... بلام کوخا بون و ابری خی ب‌ هموو " کورد زمان‌کان" ل‌ ژیر ناوی " نتوی کوردا" وک ئایدلژیایک ب‌ پیرز، نک ل‌ بر خ‌لک‌کی ب‌کو ل‌و نگایو دتوانیت خ‌لک بلاریدا بریت ، یزی چینایتی کر‌کار ل‌سر پایی " نتو" ل‌ت بکات و دسا‌تی سیاسی خی یان هزی خی گش پبدات.

خ‌لکی کوردستانی عیراق س‌‌رای ب‌ موچیی و برستی دژ ب‌ پلاماری تورکیا ب‌ سر عفرین هاتن دنگ و خپیشاندانی گوریان سازدا ل‌ زربی زری شار‌کانی کوردستانی عیراق، بلام " یدپ" و " یپگ"و " یپژ" و " هسد"و " پک‌ک" هیچ کامیان یان بناوکیانو، نهاتن دنگ و بیانکی هاوپشتی خیان نانوسی ب‌ ئ‌و سدان هزار کریکارو ماموستاو فرمانبرانی ک‌ هاتونت‌ سرشقام ب‌ هاوپشتی ئ‌وان. ئ‌م وانگ‌ باوی بزوتنو‌ی کوردایتی، ل‌ ودواو هرش و داگیرکاری عفرینـدا ب‌ شیویکی سرنجراکش نک تنها ل‌ نو بزوتنو‌ی کوردایتی دا ک‌ " بزوتنو‌ی خیانی" بلکو لناو بزوتنو‌ی کمنیستی دا بهمان شیو خی نیشاندا، وک ئوی ئ‌م بزوتنو‌ی هیچ وانو تجروبیکی ل‌ ودواوکانی جنگی خلیج ورنگرتبت ک‌ منسوری حیکمت بشیویکی رشن پش ۲۷ سا‌ لمو بر ئاماژی پدکات. ودواوکانی عفرین جارکی دیک‌ نیشانی دایو ک‌ بزوتنو‌ی ئ‌م، باش نکوتراو دژ ب‌ قایرسی " کوردایتی" و لیکدانو بپی برژوندی نتو. ئ‌م وانگو بوچونی ناسیونالیزم ل‌ پیوند ب‌ عفرینو دکرت لم خالاندا، کورتی بکینو:

یکم: جیاکردنوی عفرین ل‌ جیهانی دوروبرو ودواوکان: ل‌ روانگ‌ی ناسیونالیزمی کوردو، شی عفرین ، ئ‌و ژ دست پیدکات ک‌ تورکیا هرشکی دست پیدکات. بلام عفرین چن و لسایی کام هلومرجدا "پیدی" دبیت خاونی، لم وانگیو جگای پرسیار نی‌. چن "پیدی" دبتت خاونی قامیشلو؟! هر مسل‌ نی‌، ئ‌م تیوانین و بیرکردنوی‌، پرسیاری وا نایهنت‌

بەردەم خۆی. " پێشمەرگە" چۆن دەبێتە خاوەنی چارەکێک لە زەوی سوریا یان چۆن دەبێتە خاوەنی کوردستانی سوریا، جێگای پرسیار نیە!!. " پێشمەرگە"و "یەپەگە" و" تێرۆر"و " هەسەدە" چۆن دەبنە پێش لە شکری ئەمریکا لە دیرئەلزەرو رەقە کە هیچیان کوردستان نین و سەر بەکوردستان نین، نابێتە جێگای پرسیار؟!! ئەم هەڵە چۆن دەبێتە پیش لەشکری ئەمریکاو سوکانەکەی بادەداتەوەو لەحکومەتی سوریا و ڕوسیا چەند هەنگاو دەکشێتەوە ئەسەن جێگای پرسیار نیە بە ئەم تەروانین و فەرهەنگە. عەفرین کوردیو کوردی لێی یە و پێشمەرگەی لێی یە... مادام مەسەلە " کوردە" تەواو، لەڕادا ئیتر هەموو شتێک دەوەستێت. لەم ڕوانگەیەوە تەنانەت خەباتی چینایەتی دەوەستێت و لە عەفرین دەچیت بە هەوادا. عەفرین کۆتایی خەباتی چینایەتیە!!.

لە ڕوانگەی کۆمۆنیستیەوە، مەسەلەی عەفرین زەر پێش هەرشی تورکیا بەسەر عەفرین دەست پێدەکات. دەگەڕێتەوە بە سەرهەڵدانی بزوتنەوەی "بەهاری عەرەبی" لە ناوچەکەو بە تایبەت لە سوریا. هەلومەرجی سوریا، بە هیچ شیوەیەک لەکەڵی نیە و جیهانیەوە جەنگی جیهانی بە وەکالەت بە ڕیوە دەچیت. ئەم باسە فراوانترەو لێرەوە ڕاستەوخۆ دەچینە سەر ئەوەی کە تورکیا هەرشی دەندانەو فاشیزمانەی خۆی دەکاتە سەر عەفرین. بەڵام هەر کەس کەمێک ئاگاداری هەلومەرجی سوریا بێت دەزانێت، کە هیچ وتنێکی ئاشکرای نەوان ڕوسیاو تورکیا هەیە، لەگەڵ ڕیکەوتنێکی ناڕاستەوخۆی سوریاو تورکیا و بە ئاگاداری ئێران، وە خۆ لادانی ئەمریکا لە هەرشەکە و پشت گوێخستنی هاوپەیمانەکەی سەر زەوی" پێشمەرگە" دروستە وەک ١٦ی ئۆکتۆبەری کەرکوک.. ئەمە ڕاستیەکەو شێوەی عەفرین ئینجا دەست پێدەکات. بەڵام ئەو ڕاستیە لە چوارچیوەی هەلومەرجێکی جیهانی و ناوچەیی هەجگار دژواردا لە سوریادا چڕە پشێوەو دەچڕتە پشێوە.

بە ناسیونالیزم بەرانبەرکەی تورکی فاشست و کورد هەیە و لەدەرەوەی ئەوە هەموو شتێک بەتاڵە. تەراتێنی ئەمریکا لە ناوچەکەدا لە ساڵی ١٩٩١وە تائێستا کە بڕە هەی کاولکاری و مەینەت و نەهامەتی و شەر وکوشتاورو، هەڵتەقانی تیرۆریزم ، لە ڕوانگەی کوردایەتیەوە، نەک جیگای ڕەخنە نیە، بەڵکو جێگای پیرۆزبایی و گوڵبارانکردنە. ڕوانگەی مارکسستی دروست بە پێچەوانەوە کەی گشت ئاوگەڕەکان لە نەو سوریادا بە شێوەیەکی ڕەشن هەم پەکەوە گرێ دەداتەوە وەهەم بەپێی ساتە جیاوازەکانی ئەم قۆناغە ڕاگوزەر، سیاسەتی دروست دیاری دەکات. کۆمۆنیزم لە هیچ کات و هەلومەرجێکدا بەی نیە وە ناتوانێت بچڕتە پال ئەمریکا و بەرەکەی یان ڕوسیاو بەرەکەیەوە،

کۆمۆنیزمی ڕیخراو هەمیشە لە هەوڵی ئەوەدایە کە بار بەم جۆرە بگرێت و لەم ڕێگایەوە هەوڵ بدات ڕیزی سەربەخۆی چینایەتی کرێکار بەهێزتر بکات و ئامادەی بکات بۆ شۆڕشی دەستکات.

دووەم: یاریکردن و گرێو دانان لەسەر ووڵاتانی زلهێزو جیاوازی نێوانیان: ناسیونالیزمی کورد بە هەموو هێزەکانیەوە مان و نەمانیان لەسەر جیاوازی و ناکۆکیەکانی نێوان ووڵاتانی ناوچەکە بوو. ئەمرۆ لەوە گەورەترو زیانبارتر مان ونەمانیان بەستراوە بە زلهێزانی جیهانەوە. " پێشمەرگە" لەسەرتاوە بۆ ئەمری واقع، بوو خاوەنی ناوچەیەکی گەورەو هێزێکی بەرچاو، پارەو پول و تەقەمەنی. بۆئەمری واقع، واتە بۆپیی هەلومەرجێک لەسەرتاوە حکومەتی سوری لاواز بوو، ئەو ناوچانەی بۆپڵی ڕێکوتنێک خستە ژێر دەستی ئێوان. لەم نیوەدا پارەو پول وکەمکی دەکردن، تائیستاش کەمکردنی حکومەتی سوریا بەردەوامە ئۆگرچی بەشیوەیەکی کەمتر. " ئەمری واقع" واتە لە لایەن " پێشمەرگە" وە تنازلێکی سیاسی بەرچاو نەکراوەو هێز هاوسەنگیەکی دیاریکراو سەپاندویەتی. کە ئەمە نەک جێگای ڕەخنە نیە، بەڵکو سیاسەتێکی دروست وە ژیرانە بووە. کەس هەیە ئەوە نەزانێت کە ئەمریکا هەمیشە حسابی قازانج و زەرەر دەکات و سیاسەت و بەرژەوەندی خۆی تەنها پێوەرە، نەک هیچ شتێکی دیکە.

بەڵام دواتر " پێشمەرگە" بە بەرچاوی حکومەتی سوریاو ڕوسیاوە پیش لەشکری بە ئەمریکا دەکات لە ڕاڕەو دیر ئەلزور!! لەشکری کۆبانیدا لەو تارێکدا ئاماژەم بۆدا، وهیوام خواست کە ئەم هێزە بەتواوی پێی نەخزێت، بەڵام خزا. ئیستا چارێکی نیە، یان دەبێت بەڵاوازی خۆی تەسلیمی سوریا بکاتەوە لەڕێگای ڕوسیاوە بێت یان ڕاستەوخۆ، و بە تەسلیم کردنی هەموو چەکەکانی یان دەبێت چاوەڕوانی هەرشی یەک لەدوای یەکی تورکیا بێت و لەمبارەوە وەرەقەی سیاسی هەجگار کەمی لە بەردەستە. مەگەر شانسی ئەوە بهێنێت هەلومەرجی تورکیا تەک بچێت، کە ئەویش ئۆگەر ماوەیەکی کورت لە بەرچاو نەگرین لە دوا ئەنجامدا بە زەرەر بە خەڵکی ناوچەکە دەشکێتەوە.

لەکترازانی هەلومەرجی تورکیاو بەبە بوونی ئەلتەرناتیفێکی باشتر، هەلومەرجی ناوچەکە بەرەو لەکترازانێکی خەتەرناکترو مەرگبارتری ئەمنی و سەربازی زیاتر دەبات. لەمبارەوە سیاسەتی پەکەکە جیگای سەرنجدانە. پەکەکە لە زمانی موراد قەرەیلانەوە بە ئاشکرا دەڵێت و بانگەوازی حزبەکانی کوردستانی ئێران دەکات کە لەم هەلومەرجەدا ڕووی چەکیان نەکەنە کەماری ئیسلامی ئێران، چونکە بە قازانجی تورکیاو سعودیە تەواو دەبێت.

قسەکانی ئەم بەرپرسە هەم ڕاستی ئەم بوچونەی ئەمە دەسەلمێنیت لە لایەک وەهەم سەرلەشوایی ئەم بزوتنەوەیەو ئابڕانی. لە سوریا "پەیدە" لە گەڵ ئەمریکایە، لە قەندیل پەکەکەو پژاک لە گەڵ ئێران، لە کوردستانی عیراق هێزەکانی بزوتنەوەی کوردایەتی دابەشبون. یەکێک لە ئەنجامەکانی چونە پیشەوەی ئەم هێلومەرجە لە سوریا یان لەتبونی "پەیدە" یە بەسەر دووباڵدا و جیابونەوەی باڵی سەربازیەتی، لە باڵی سیاسی بەهای ئەوەی لە ژێر فشاری شەڕدایە…یان تەسلیمبونی باڵی سیاسیە بە باڵی عەسکەریەکەی، بە نیشاندان و پاراستنی یەکریزی. ئەم لینکەی خوارەوە قسەکانی بەریز مورادە قەرەیلانە بە تەماکراوی.
https://www.facebook.com/firooz.mamoei/videos/2099148903445170 / بە زیاتر تێگەیشتن لە ناوەڕۆکی چینایەتی و بورژوایانەی "پەکەکە" سەرنج بدە وتاری "لە وەڵامی دووپرسیاردا، تایبەت بە پکک و یەدەپە- سامان کەریم" ٢٥ئۆکتۆبەری ٢٠١٤ . مالپەڕی دەنگەکان.

سەهەم: وەرانکردن و کەمەلکوژی وتەرمی "ئینسانیەت": ئێگەر باس لە کوشتنی ئینسانە، وە باس لە ئینسانیەتی "ئینسانە" ئەوە کاولکردنی موسڵ و دیر ئەلزەرو ڕەقە هەمویان جیگای ئیدانە و مەحکوم کردنن. هەمویان ئینسانی لە یە. جا عەرەب یان کورد یان شیعە یان سوننە، درزی و سریانی و کلدانی و کاسۆلیک و ئەرسەدەکس، یەزیدی و تورکمان…. هەمووی مەحکومە لە ڕوانگەی ئینسایەتی کرێکارەوە، بەڵام ئینسایەتی بورژوایی، جیاوازی هەیە دەکەوێتە دوای بەرژەوەندی ئاراستەی سەرمایە بە پێی پەرالیزیەنی هێزەکان. مارکس لە کاتی خۆیدا وەڵامی ڕەشنی بە تەرمی "ئینسانیەت" دواتەوە وەک مەفهومیکی بورژوایی. چینی کرێکار ئینسایەتی تەواو جیاوازە.

لە عەفرینداا مەسەلەی "ئینسانیەت" دەکشت و فراوان دەبێتەوە، لە ژێر ناوی ئەوەی کە مقاومەتی لێیە. ئەم ڕوانگەیە، وانیشان دەدات کە پاریزگاری لە عەفرین و پاریزگاری نەکردن لە شوینەکانی دیکەی هەکەی "مقاومەتە". بەڵام باسەکە باسی ئینسانیەتە یان مقاومەت؟! ئەم ڕوانگەیە بەرگریکردنەکەی لە ئینسانیەت مەرجدارە بە "مقاومەتەوە"، کەواتە باسی ئینسانیەت لەڕدا دەچیت بە هەوادا. پاشان ئێگەر مقاومەتە. وە لە شوێنی دیکەش ئاماژەم پێکردوە، تورکمانەکانی شارەکی بچووکی وەک ئامرلی (شارەکی تورکمان نشینی بە مەزهەب شیعەیە لە عیراق!!) دوو مانگی تەواو لەژێر گەمارەی داعشدا بوون مقاومەتەکی باشیان کردو داعش هەر بەی نەگیرا … بەڵام کەسەک

نێوت دەستان خۆش بێت؟! بە جیا لەوەی کە دەکرێت ئاماژە بە چەندین شارو چاروچکەی دیکە بدەین لەمبارەوە بە تایبەت لە سوریا. لە دوا ئەنجامدا دەگەینەوە سەر ئەوەی ئەم کەمەنیزمە هەم کاولکاریکەی وەهەم بەرگریکردنی لە مقاومەت، مەرجدارە کە " کورد" یان " کورد" پێکهاتەی سەرەکی بێت تیایدا. ئەگەر نا چاوی نایبینێت. ئەمە نوسراو نیە تەجروبەیەکی زیندوی ئەم ٦-٧ ساڵیە.

بەم پێیە سیاسەتی کەمەنیستی تەواوی هەلومەرجی لەبەرچاوە، وە لەسەر پایەی بەرژەوەندیەکانی بزوتنەوەی خۆی، بزوتنەوەی چینایەتی کرێکار هەنگاو بەهەنگاو دەچێتە پێشەوە. بەرگری لە عەفرین دەکات، بەڵام ئیزی سەربەخۆی چینایەتی نەک دەبێت ئابگرێت، بەڵکو لەهەر ئالوگۆرو ئوداوێکدا، قۆیران و تەنگژەی بورژوایی بە قازانجی بزوتنەوەکەی بشکێنێتەوە. لەهەموو ئالوگۆرەکاندا پیویستە لە ئاستی پراتیکدا سنورێکی ڕوشنی چینایەتی هەبێت. کەمەنیزم دەتوانێت لەهەر مەیدانێکدا هێزی سەربەخۆی خۆی نیشانی کەمگا بدات، بە پراتیکی سەربەخۆی چینایەتی. لە عەفریندا دەکرا، دەیان شیوازی کاری جیاواز نیشان بدرێت، کە مەیدانی کاری ناسیونالیزم نین، یان لایەنی کەم لەباری مەژوویەوە نەبوون. سەرنج ڕاکێشانی یەکیتی و سەندیکا کرێکارییەکان و هاوپشتیان بە خەلکی عەفرین و دژی تورکیا، نمونەی کارێکی هەجگار جیاوازو ڕوشنە، ئەمە تەنها نمونەیەکە، کە بەداخەوە کەم کاری لەسەر کراوە، پێویستە دەستی بە ببرێت وکاری لەسەربکرێت لەهەر ڕووداو شەرێکی دیکەدا، لە ئێستاوە زەمینە سازی بۆ بکرێت.

سیاسەتی مارکسستی لە سوریاو ناوچەکەدا، ڕوبەڕوبونەوەیەکی هەمەلایەنەیە لە بەرانبەر هەردوو بەرەکانی جەنگەدا، هەم بەرەی ئەمریکاو هاوپەیمانانی و هەم بەرەی ڕوسیاو هاوپەیمانانی. وەستانی جەنگ بەشیوەیەکی فۆری، لە ئێستادا سیاسەتێکی دروستی مارکسستیە لە هەموو بەرەکانی جەنگەدا، نەک تەنها لە عەفرین و مەنبەج و کۆبانی، بەڵکو لە هەموو جێگایەک کە شەری لە یە لە ناوچەکەدا. وەستانی جەنگێک کە ئامرازی دەستی ووڵاتانی زلهێزە بۆ دابەشکردنەوەو ڕێخستنەوەی جیهان و ناوچەکە، سەدان هەزار ئینسانی تێدا کوژراوەو ملیۆنەها ئاوارەو بێ خانەو لانەکردوە، کارەکی فۆری کەمەنیزم بزوتنەوەی چینی کریکارە. کاری کەمەنیستی و هەر هێزیکی کەمەنیستی لە هەر ووڵات و ناوچەیەکدا کە هەیە، پیویستە مەسەلەی سەرەکی خۆی کە دەسەڵات لە گۆڕە بورژازی خەیدا ببینێتەوە. ئەم مەسەلە و سیاسەتی سەرەکی ئێستایە وە کلاسیکی یە

لە هەمانکاتدا. لە دەی هەلومەرجێکی ئاوهادا کەمەنیزمەکی پشت بەستو بە هێزی چینایەتی خۆی دەتوانی هەنگاوی بەرچاو بنێت.

٤.٤.٢٠١٨

مالپەری دەنگەکان

وەفیقسامەیی تەمەتباری ژمارە یەکی ئەنفال … عەلی مەحموود محەمەد

وەفیقسامەیی لە یەکەم ڕۆژەکانی هاتنی بۆ کوردستان لە ناوەڕاستی نەوەدەکانی سەدەی ڕابردوو, پاش ئەوەی پاڵەپەستۆکان لەسەر ژێم تووند دەکرانەوە, ئومێدێك بە مانی ئەو ژێمە ڕۆژ لە دوای ڕۆژ تەنگتر دەبوەوە, ئەو ڕۆژانەی کە وەفیق سامەیی وەك فریاد ڕەسڵك بۆ سەرتاسەری عێراق سەیر دەکرا, هێزە سەربازیەکان لە کوردستان دەخرانە بەردەستی گوایە سەدام دەوخێنێت, بەتالیۆن و تیپ و هێزەکانی پێشمەرگە لە خزمەتیدا بوون, بۆ ئەوەی کودەتای سەربازی لە بەغداد ئەنجام بدات, لایەنە سیاسیەکان دواڕۆژی سیاسی خۆیان لەسەر نەخشەکانی ئەو بنیات دەنا, ئەمە لە" ڕێکخراوی ئاوارەو ئەنفالەکانی کوردستان"کەمپینمان لە دژی ڕێکخست بۆ ئەوەی چارەنووسی ئەنفالکراوەکانمان بۆ ئاشکرا بکات, تا ئەوکات ئەو کەمپینە بەرفراوانترین کەمپین بوو دژ بە کەسایەتیەکی ئۆپۆزسیۆنی عێراقی لە پێناو دیاریکردنی چارەنووسی ئەنفالکراوان و بەسەروشێنکراوان بەڵام ببردرێت " ئەوانەی ماندوو بوون بەو کەمپینەوە سەرباری خۆم (بەدرەدین حەمە ساڵح, مامۆستا فەرهاد خالید, فەلاح حەسەن , سەرهەد تۆفیق , عادل قەشقە, ڕزگار مام بڕە … " داوامانکرد,ئەگەر وەفیق سامەیی ئەمڕۆ زانیاریەکان لەسەر تاوانی ئەنفال ئاشکرا نەکات, سبەی لە بەعس خراپتر بە کورد دەکات, دیارە دەربڕین و ئاشکرا کردنی زانیاری لەسەر تاوانی ئەنفال, لە لایەن کەسێکەوە بە گووتەی تاوانبارانی ئەنفال, ئەندازیاری سەرەکی و نەخشە داڕێژەری ئۆپەراسیۆنەکە بوبێت ئەستەمە, هەر واشیکرد…

بۆ دڕۆی بابەت کلیکی ئەربکەن ...

aliMahmud_wafiq

ئەمە هەموویان، هەر هەموویان لەو بوون! ... بۆها عومەر (رێبوار عارف)

بۆ دەبێت مەرگیشمان جیاواز بێت؟! ...

وێنەی یەکەم

ئەمە ئیزکی دوورو درێژ لە بە ''ئەتکیەترین'' پیاوانی شار، لە بەرپرستترین سەرەک و سەرکردەو لە ناودارترین سەرەک عەشیرەت و پیاوماقولانی وڵات، ئیزی وزیرو پەرلەمانتارو سیاستمەدارهەر هەموویان لەو بوون بە ئیزی دەست لەدانەوەی سەرەک وەستابوون! ئەمە تەواوی ڕۆژنامەو گۆڤارو ڕادیۆ و تەلەفزیۆن و دەزگاکانی ڕاگەیاندن پەیدا پەیدا یەک هەواڵ میوانی هاوبەشی یەک بەیەکی ڕاگەیاندنکانیان بوو !
هەموویان هەر هەموویان لە ماتەمی مەرگی ئەودا دەست لەسەر سنگ لەحزوری مامی مەزنی دلەقاندا بوون! ئەمە هەموویان هەر هەموویان بەندگەی بڕاوکردنەوەی هەواڵی مەرگی '' لە ناکاوی'' ئەودا بوون!

وێنەی دووهەم

گەمان دەکەم لەوەی لەم ساڵانەی ڕابردو تەنیا ڕۆژێک هەبووبێت، کە هەواڵی مەرگ و خەکوشتن، خە هەواسین، برا کوشتن و دایک و باوک و خۆشک و هاوسەر و هاوسۆز و هاودەم کوشتنمان نەبیستبێت. ڕۆژیک نەبوو بە خەم بین لە خەمی هەژاری ئەو ئینسانەی کە پارەی کرێ خانووەکەی نیەو خەی دەکوژێت، کە قەرز تەنگی پێ هەڵچنیەو خەی دەکوژێت،...!
من خۆشخیاڵ نیم بەوەی کە ڕۆژێک لە ڕۆژان هیچ کام لەم سەرەک حزب و پەرلەمان و کەمپانیانە، هیچ کام لەم بازرگان و

سیاسەتمەدارانە، غەمی مەرگی هاوڵاتیەک لە کوێنێن. بەڵام شەرم هەست بە سەربەرزی خەی دەکات لە ئاست بە دەربەستی ئەم دەسەڵات و حزب و حکومەتەدا کە بە تەنیا جارێکیش بیان پرسیار نەبوو کە ئاخە ئەم هاوڵاتیانە بە خەیان دەکوژن، بە خەیان هەڵدەواسن و کە بەرپەرسە لە مەرگی هەدی هەدی ڕۆژانەی دانیشتوانی ئەم کەمەگایە؟

وێنەی سەهەم و پرسیارێک ؟

تە بینیت ئەو جیاوازیە گەورەیە چی بەت، لەکاتێکدا کە ڕۆژانە دەیان کەس لەم کەمەگایەدا دەمرەت، لە خزم ودەستان و دراوسێکانی زیاتر هەواڵێک لە شاردا نابیستین. ئەڕە بەراست چ زەمین لەرزەیەک بوو ئەمە تەواوی سیاستەدارو وەزیرو گزیرەکان هەستانە سەرپی و ڕاچەنین و دەستیان گرت بەسنگیانەوە، چ خەبەر، چ قەوماوە، چ ڕووداوێک ئەمە وەک بەمب دەنگدانەوەکەی خەی گەیاندە ماڵی یەک بەیەکمان؟!
لە ڕواڵەتدا جیاوازیەک لە گەڕەدا نیە، هەموومان هەر ''ئینسانین''، هەموومان هەر لەژانی دایکێک، لە دایک بووین، هەموومان هەر گەشت و ئیسقانین، هەموومان هەر ''هاوڵاتین''

تە بەڵت جیاوازیەکە لەوەدا بەت کە یەکەمیان هاوڵاتی پلە یەکەو دووەمیان هاوڵاتی پلە دووە...، نا نابورن ئەمانە هیچییان نیە، جیاوازیەکە تەنیا ئەویە ئەم کەمەگایە کەمەگایەکی چینایەتیە، بەشەویەک مەرگیشی خستووەتە نەو دابەشکردنەکەوە، کە مانایەکی چینایەتی بەخەیەوە دەگرەت. دەیەوەت پەمان بەەت مەرگی ئەو مامۆستایەی کە لەبەر بە دەرەتانی و نەبوونی کرێ خانوەکەی خەی کوشت زەر زەر جیاوازە لە مەرگی ئەو سەرکردەو سەرکردەزادەو ئەسزادەو نەجیبزادەیەی کە تەواوی سەروەت و سامانی ئەم وەاتەی لەژێر دەستابوو!

ئاخر ئەوان ڕاست دەکەن بەیە کاتێک چەند ساەک لەموبەر جەمال ڕینگێ شەوێک لەپەنایەکدا ڕەقی دەبەتەوە، بە سبەی دەیخەنە پشت پیکابێکی شارەوانی و شەفڕێک و دوو کرێکارەوە دەیبەنە گەەستان و دەینیژن... دەک نەفرەت لەو هەموو جیاوازیانەی کە بەهاو حورمەتی ئینسانیمان بەو شەویە دابەش دەکات...! دواجار با ئەوەش بەەم: باوەڕ بکەن ئەو شیعارەی کە دوێنێ لەخەپیشاندانەکەی هەولێر دەوترایەوە، دەیەوەت ئەم جیاوازیە چینایەتیە نەهەەت کە بەدەنگی بەرز هاواریان دەکرد ((نان، کار، ئازادی)) . بەیە جگەی خایەتی کە لەمەرگی دڵەقاندا بەەین بژی بەهاو حورمەتی ئینسانیمان و بژی

چەند سەرنجێکی کورت لەسەر کتێبی(مەلەکردن بە پێچەوانەی شەپۆلەکان)ی هاوڕێ ئەحمەد

نووسینی : عەبدوڵا سەمان(مەشخەڵ)
سەرەتای مانگی ئازاری ۲۰۱۸

ئەم هەوڵەی بەڕێز هاوڕێ ئەحمەد وەکو هەوڵێکانی پێش خۆی، چەشنی سیمینارێکانی (مەڕووی چەپ لە کوردستانی عێراق) ی هاوڕێیان موئەیەد ئەحمەد و بەختیار موستەفا و هاوڕێیانی کارگێران و ڕووتی کەمۆنیستی جاران لەسەر مەڕووی بزووتنەوەی کومونیستی کە ئێستا بە دەر بەش لە یوتوب دانراوە و دەتوانرێت ببینرێت و هەورەها کتێبی (مەڕوویەک لە یادەوەری) بەڕێز سالار ڕەشید، جێگای دەستخۆشییە. ئەم کتێبە کە دوو بەرگ و خوێندنەوە لەسەرتاوە لە چاوەڕوانی ئەوەدا دەبە تەکستێک بخوێنێتەوە دروست لێگۆشەنیگایەکی مارکسیزمەوە تەواوی گۆشە و کەلەبەرکانی بزووتنەوەی کۆمۆنیستی بپشکنێ و بخوێنێتەوە. یان لانی کەم هەوڵ بدات، خوێندنەوەیەکی واقیعی بە ئەو بزووتنەوە کۆمۆنیستییە بکات بە ئەوەی بەڕێ مەحفەلیزم و ئیگۆی خودگەرایی بەری چاوی خوێندنەوەکەی لێ بکەن. من ئەم کتێبەم بەو ڕوحیەتەوە خوێندەوە.

بیریشم دێت کاتی خۆی هاوڕێ ڕەبوار ئەحمەد دوو سێ بەشی لە سایتی هاوپشتی بڵاو کردەوە. من یەکەمجار دەستخۆشیم لێکرد و دوایی بەم دەرکەوت کە ئەو هاوڕێیە بەچاوێلکەی کەن ڕووداوەکان هەڵدەسەنگێنێ نەک بە چاوێلکەی واقیعی. دوای خوێندنەوەی ئەم دوو بەرگە هەرچەند لەڕە و لەوە سەرنج و ڕەخنەم لەم کتێبە بیستووە، بەڵام ئەو بەرزانە خۆیان ئازادن چەن ڕەخنەکانیان بیان دەکەن، یان نا، بەس بە من گرنگە بەچوونی خۆم بە ڕەشنی لەسەر ئەم کتێبە بنووسم و لەوە

زیاتر تاخیری نەکەم. وای دەبینم ئەم کتێبە زۆر هەڵدەگرێ لەسەری بنووسرێ و ڕاست بکرێتەوە، بەڵام من بەهای سەرقاڵیم بە پڕۆژە ئەدەبیی و ڕۆشنبیریەکانم، ئەو دڵرفێتەم نییە جگە لەم کۆرتە سەرنجانە. هیوادارم هاوڕێیانێک بتوانن ئیش لەسەر هەڵە و ناتەواوی و کەموکوڕیەکانی ئەم کتێبە بکەن. من هەوڵ دەدەم کۆرتە سەرنجەکانم بە خاڵ ڕیز بکەم، بەو ئومێدەی نووسەر بتوانێ بە چاپی ئایندەی کتێبەکێ سوودیان لێ ببینێ و خاڵ لەسەر وشەکان دابنێ و بڕشکی باشی کتێبەکێ هەڵگرێتەوە.

یەک : سەرەتا دەمەوێت بڵێم کە من وەک کادیرێکی ڕێکخراوی (ڕۆوتی کۆمۆنیست)ی جاران و فەعاڵێکی سیاسیی کۆمۆنیستی کە لە ناوەڕاستی هەشتاکانەوە دوای چەند ساڵ چالاکی لە کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان، وازم هێنا و پێوەست بووم بە ڕێکخراوی ڕۆوتی کۆمۆنیستەوە. دەمەوێ بە هیچ غەدر لێکردنێک یان زیادەڕۆییەک ڕۆوتی کۆمۆنیست وەک خۆی چۆن هەبووە ببینرێ و بخوێنرێتەوە و لاپەڕەکانی مێژوودا لێشوێنی شیاوی خۆی دابنرێ، نەک ناهەقی بەرامبەر بکرێ.

لەگەشەنیگای منەوە ڕۆوت ڕێکخراوێک بوو لەدونیای واقیعدا خاوەن دونیابینییەکی مارکسیستی ڕەشن بوو، ڕۆوت خاوەن تەشکیلاتێکی تەکمیل و پتەو بوو، ڕۆوت لە دەی نائومێدی چەپی ئەو سەردەمدا جگەی ئومێد بوو، ڕۆوت تاکە ڕێکخراوێکی بزووتنەوەی چەپ بوو کە تا ئاستێکی زۆر کرێکاریی بوو، ڕۆوت پەداگیری زۆری دەکرد لەسەر مارکسیزمی ئۆرسەدۆکس، ڕۆوت هەڵگری دیدەها کادیری بەرجەستە و بەتوانا بوو لە کۆمەڵگەی کوردستان چ لە ئاستی تیئوری و چ لەبواری پراتیکدا، ڕۆوت خاوەن هێزی چەکدار بوو، ڕۆوت خاوەن تەرحی شووڕا کرێکارییەکان بوو، ڕۆوت خاوەن ڕۆژنامەی عەڵەنی و بنکەی عەڵەنی و چەکدار بوو.

کەچی ئەم ڕێکخراوی ڕۆوتی کۆمۆنیستە لەکتێبەکەی هاوڕێ ڕێبواردا کاک کاک نیشاندراوە و هەموو ئەو دەست پێشکەری و ئیبتکارانە فەرامۆش کراون و وەلا نراون. یان سەرپێیی باس کراون و هەقی خۆیان نەدراوەتێ. ئەمەش بەدەوری خۆی بەهای زانستی ئەو کارە دەنێتە خوارەوە. باسکردنی ڕێکخراوی ڕۆوتی کۆمۆنیست بەڵاوەکی و بەبەهایی و هەڕوەها گۆڕکردنەوەی ئەو ڕێکخراوانەی کە بەرگەی ڕێخنەیەکی کادرێ پلە دووەکانی ڕۆوت کۆمۆنیستیان نەدەگرت و هەڵدەوەشانەوە، چ مانایەک دەدات بەدەستەوە؟ ئایا ئەمە لاوازیی کتێبەکە نییە؟. من ئەمە بە خۆشی سیاسیی دەبینم و مافی کادرێ بەرجەستەکانی ئەوسای ڕۆوتی کۆمۆنیستە لێئاست ئەم خۆشە سیاسییەی ئەم کتێبەی هاوڕێ

ھەبوار کە خەریکە مێژووی تێکۆشانمان دەشوێنێ، بەدەنگن نەبن.

دوو : زمانی نووسینی ئەم کتێبە، زمانی دەیەی هەشتاکان و دەیەی نەوەدەکانی سەدەی ڕابردووە، زمانێکە کە زمانی چەپێکی سادە و ساکار و ستحگرایی بوو، نەک زمانی سیاسیی و باسی تیئوری. چەپێک کە جگە لە شکاندنەوەی خەی کارەکی تری نەبوو. ئەم زمانە ئەوکات و ئێستاش ناتوانێ خزمەت بە بزووتنەوەی سیاسیی بکات. زمانی ئەمە، زمانی وردبینی و پشتبەستنە بە فاکت، زمانی بەگژ و دەکیمێنتە، زمانی لێکدانەوەی زانستییە بە مێژوو و چینەکان و دیاردەکان و بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان، نەک زمانێک کە بە نێکات چوار مەتر لەولای خۆیەوە ببینێ و شەلم کوەرم بکەوێتە ناو مێژوویەکی پڕ لە تێکۆشانی سەدەها کادیر با ئەمەش لەگەڵ حیزب نەبن. بەڵام خۆ هەر ئەمانە بوون حیزبیان دروست کرد و حیزبیان لێسەر قاچی خەی دانا.

سێ : نووسەر زیاتر باسی ئیگەی خەی و ڕێڕەوی خەی دەکات وەک لە کارەکتەرە سیاسییەکانی تری ناو بزووتنەوەی کۆنیستی، کە هەکار بوونە بە خوقاندنی ڕووداوەکان. وەک ئەوەی هەموو شتێک بە ئیرادە و ویستی ئەو چووبێتنە پێشەوە. ئەم ئیگەیە ئەگەر لە ئەدەبدا بتوانی مانایەکی مەجازی وەربگرێ، ئەوا لە دونیای سیاسەتدا ناتوانێ زۆر هەناسە بدات.
چوار : بەئاگایی لەبەشێکی گەورەی بزووتنەوەی کۆمۆنیستی کە ئەمە خۆشکی گەورەیە بە کتێبەکەوە.
ئەمە وا لە کتێبەکە دەکات بەهای سیاسیی و میسداقیەتی مێژوویی لەدەست بدات. چۆن دەکرێ کەسێک وەک هاوڕێ ڕەبوار ئەحمەد کە لە دەیەی هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو، وەک بە شێوازی نووسینی کتێبەکەوە دیارە کە بەڕێزیان ئاگایان لە جووڵەی مار و مێروو هەبووە، ڕەکخراوی (حزبوڵقەی ئەدیبانی کۆمۆنیست)ی نەبیستبێ!!! ئایا ئەگەر نەیبیستووە، ئەمە ئاگایی و هۆشیاری هاوڕێ ڕەبوار ناخاتە ژێر پرسیارەوە؟ ئەی ئەگەر بیستوویەتی، فەرامۆشکردنی ئەم ڕەکخراوە ئەدەبییە کۆمۆنیستییە، بیرتەسکی مەحفەلگەرایی هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو نەبێ، چییە؟. با بەفەرز دایبنێین کە هاوڕێ ڕەبوار (حزبوڵقەی ئەدیبانی کۆمۆنیست)ی بیر نەمابوو، ئەی خۆ هاوڕێ ڕەبوار ئاگای لەو کورتە نووسینەی من هەبووە بەناوی (ئاوەدانەوەیەکی کورت لە حزبوڵقەی ئەدیبانی کۆمۆنیست) کە باسی مێژوو و چالاکی ئەو حزبوڵقەیەم کردووە و لە ساڵی ٢٠٠٢ لە سایتی دەنگەکان بڵاوم کردووە و ئەوا شانزە ساڵە لە ئەرشیفی دەنگەکان دانراوە. دیسان با بەفەرز دایبنێین هاوڕێ ڕەبوار ئەمشی نەبینیوە و بەڕێزیان بەهەی

سەرقاڵییان بە کاری تیئوری کۆمۆنیستی، فریای خوێندنەوەی سایتەکان ناکەوت، ئە خە بەڕێزیان ئاگایان لە سیمینارە چەند ڕۆژییەکەی هاوڕێ موئەیەد ئەحمەد و بەختیار مستەفا و هاوڕێیانی تر هەبوو لەسەر مشتومڕی چەپ کە هاوڕێ (سادق عزیز) ئاماژەی بە حزبی ئەدیبانی کۆمۆنیست) و گۆڤاری (ئاوێر) دەکات، هەبوو.

با وای دابنێین ئاگاشی لەمشیان نەبووە، ئەی خە هەر هیچ نەبێ ئاگای لە کتێبە جوان و بەسوودەکەی هاوڕێ سالار ڕەشید هەبوو بەناوی (مشتومڕێک لە یادەوەری). خە لەو کتێبەی کاک سالاردا لەگەڵ دوو ئەندامی دامەزرێنەرانی حزبی ئەدیبانی کۆمۆنیست کە عەبدوڵا سەڵمان(مەشخەڵ) و هاوڕێ نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد(هەشتەنگ)ن چاوپێکەوتنی ساز داوە. ئە خە ناشێ بێت ئاگام لەمشیان نەبووە؟!. چونکە ئەم بەئاگاییە خۆشکەی گەورەی تر بە کتێبەکەی هاوڕێ ڕەبواردووە. ئەگەر هیچ لەمانەش وا نییە و هاوڕێ ڕەبوار ئاگاداری حزبی ئەدیبانی کۆمۆنیستە و ئاگاداری سیمینارەکانی هاوڕێیان موئەیەد ئەحمەد و بەختیار مستەفایە و هەروەها ئاگاداری کتێبەکەی هاوڕێ سالار ڕەشیدە، ئەی بە باسی نەکردووە؟ بۆچی باسی نامیلکەیەکی ئەدەبی مەحفەلەکی ئەو سەردەمە دەکات(زەنگ)، ئەی بە باسی ڕەکخراوێک ناکات کە هەم کاری سیاسیی و هەم کاری ئەدەبی و هونەری دەکرد و خاوەن ڕەکخستن بووە و بە دەیەها کادر و ئەندامی هەبوو، گۆڤارێکی دەردەکرد بەناوی (ئاوێر) و یانزە ژمارەی لەو گۆڤارە بڵاو کردووە و ئەمە جگە لە چەندین نامیلکەی ئەدەبی تر کە وەک کتێبی گۆڤاری(ئاوێر) بڵاو بوونەوە. ئەوە بۆچی ئەگەر ئەمە عەقڵیەتی مەحفەلیزمی هەشتاکان نەبێ چییە؟

دواجار بەو پێیەی ئەم کتێبە کە تاهەزی نووسین بە بکا هەشیارانە ئیشی لەسەر لەدان و وەلانانی کادر و ڕەکخراوەکانی بزووتنەوەی کۆمۆنیستی کردووە، هەوەی داوە بە ئاگایانەیان بەئاگایانە مشتومڕی تێفڕک لە کادیرانی بزووتنەوەی کۆمۆنیستی وەلا بنێ. بۆیە لەم سەنگەوە ئەم کتێبە لای من ئیعتباری سیاسیی – مشتومڕیی لەخوارە و جگە لە خە بە پاڕەوانزانی نووسەری کتێبەکە هیچ ئامانجێکی تری لەپشتەوە نییە. بەو ئومێدەی هاوڕێ ڕەبوار بتوانێ لە چاپی دووەمی کتێبەکە ئەم خەوش و کەلێنانە پڕ بکاتەوە و ئیعتباری سیاسی – مشتومڕیی کتێبەکە بەرزتر ئاستێک کە دەست لەسەر سینگ بەی بوەستین.

ئەمانیا و چەکفرۆشتن بە تورکیا ... هێز بەرزنجەیی

کۆبوونەوەی پرسی کورد هەر لەوەدا نییە بە تەنیا شێوەی بوونی بەرامبەر بە چوار دەوڵەتی داگیرکەر دەکات، بەڵکو ئازار و سوکەی لەو شوێنەدا زیاتر قووڵ دەبێتەوە، کە کەمێگای نەودەوڵەتی، دوای ئەو هەموو تراژیدیایەی بەسەر کورد دا هاتووە، هێشتا لە چاوی بەرژەوەندی هووتەوە لەم کۆشیە دەوانە و ئامادە نییە بە دروشم و پرنسیپەکانی مافی چارەنووس و مافی مرۆڤ و ویستە دیموکراسی و پێشکەوتنەکانی سەردەمی گلۆبالیزم ـ کە خەی بانگاشەی بە دەکات ـ کار لەتەک کورد دا بکات و لەمپەیک بە ئەو سیاستە دەندانەی دەرهەق بە کورد لە تورکیا و ئێران و عێراق و سوریاوە پەیڕەو دەکرێ، دروست بکەن و ئەو دروشمانەی بانگاشەی بە دەکەن، بە میللەتانی بندەستیش بکاری بەرن. هاوکات بیسەلمێنن کەوا ئامانجیان لەو هەموو قوربانی و ئازارەی کورد دەگرن، کەوا بە ساناکە لە بری جیهان دەجەنگێ لەدژی دەندەترین و تاریکترین هێزی سەدەی بیست و یەک. کورد جەنگێک دەکات بە پێشمەرگە و شۆڕشگێڕان، کە کۆ و کچی ئایینی کوردن ، داستان تەمار دەکەن و گەورەترین سەروەری مرۆڤووی سەدەی بیستەم دەنووسنەوە. ئەو کچانی کوردن، هێزی (داعش)ی دەندەیان هەڵبەیو. ئەو کوانی کوردن ئەفسانەی داعشیان تەک شکاندووە. داعش ئەو هێزەی خوونی بێشکی جیهانی زاندبووە / زاندووە.

دەستاتە کەلەنیالیستەکانی دونەن و دەوڵەتە زلهێزەکانی ئەمڕۆ، لە ئاست تراژیدیای کورد دا، نابینا و گوێ ئاخنراو و زمان لاڵ و بەاون. هەکاری سەرەکی ئەم هەوەستە شەرم هێنەرەش ئایینی توندوتێژی دەوڵەتی داگیرکەکانی کوردستانە وەک بازاڕی ساخکردنەوەی کەرەسەی بەم دەوڵەتانە. هاوت ئەوەیە کوردستان دەوڵەت نییە. ئەمە لەم ڕیال پەلەتیکە دەگەین.
هەوەستی ئینگلیز بە پلەی سەرەکی و فەرەنسا پاش ئەو دیار و زانراوە. ڕووسیا و ئەمەریکاش دەستی ڕەشیان لە چارەنووسی کورد گەاوە. ئەمانیاش سەدیەک زیاترە هێزێکی نەتەنی دەگەڕێ و لە زەر قەناخیشدا، بەداخەوە دژ بە بەرژەوەندییە باکانی کورد لە بوون و هەبونیدا وەستاوەتەوە.

باس لەو ناکەین چەن ژنەاڵ و سوەتانەکانی عوسمانی و کەمالیزم لەسەردەستی ژنەاڵەکانی ئەمانیادا مەشقیان پێکراوە. ئاماژەش بە ئەو ناکەین کە چەن چەکی کیمیاویان بە سەددام فرۆشت و قوربانییەکانی هەڵەبجەی لێکەوتەوە. بەکو دەمانەوێ تیشکێ بخەینە سەر پەیوەندی ئەمانیا بە داگیرکەری تورکەوە، هەتا ئەمڕۆ هەندێکی نامرۆیی و هاوزەمان گاەتجایشی وەرگرتووە. وەک ئەوەی دەبینین ئەمانیا بە هەموو تەکنەلۆژیای نوێوە، پاپشتی لە تورکیا دەکات و لەگەڵ سەددامیش دا هەیبوو،ئێستاش لەژێر پەردەوە لەگەڵ ئێران بڕەوی پێدەدات.

لەسەر داخوازی تورکیا ساڵانێکە حکومەتی ئەمانیا ڕاوەدونانی ئەندام و لایەنگرانی پ ک ک دەکەن، ئەو پارتە قەدەغە کرا. کە منداڵێکی کورد لە ئەمانیا لەدایک دەبوو، کەسوکاری دەیان ویست ناوی کوردی لێ بنێن، دامودەزگاکانی ئەمانیا ئەو دایکوباوکیان ناچار دەکرد، بچن لە سەفارەت و کونسەلی تورکی پاپشتی بهێنن.دیارە لەم بارەدا تورکیا هیچ بەڵگەیەک نادات،لەمڕۆ ناوی کوردییەوە. بەم جۆرە ئەو خەزانانە ناچار دەبن،ناوی دیکە هەڵبژێرن… ئەمانە و هەزاران نموونەی دیکە لەسەر پەیوەندی قوڵی ئەمانیا و تورکیا هەیە. لەڕاستیشدا تورک لە ئەمان دەخوا و باشیشی دادەدەشێ.

بەیەکا هەر ڕۆژە کوردستان بەتە دەوڵەت و کورد دەسەڵات پەیدا بکات، پەویستی لە دادگای نودەوڵەتی گازندە لەسەر هەموو ئەو وڵات و کارخانانە بە فڕمی بکات. ئاخر کورد قوربانییەکی گەورەی سیاسەتی نامرۆقانە و بە مەبەڵی نودەوڵەتییە.
ئەگەرچی لەحاڵی حازردا پەیوەندی ئەمانیا و تورکیا، بەهۆی سیاسەتی ئەردەغانەوە کە هەرشی زەر دەکاتە سەر ئەمان و گەیاندوویەتیە سەر سووکایەتی و هیچ هەژمارکیان وەک دەست و هاوپەیمان بە ناکات و تەنانەت پێی وتن نازی، کە تا ئێستا بەس بەرپرسانی جوولەکە توانیویانە لەسەر ئاستی بەرز ئەو وشەیە بە ئاشکرا بە ئەمان بڵێن،لە ئەردەغانیش بە سەمینەوە پێی وتنەوە، بەڵام حکومەتەکەی مەرکل هەر دەیەوێ تاڕادەیەکی مووی معاویە لەگەڵ تورکیادا نەپسێنێ. ئەمەش بە بیانووی ڕەکوتننامەی کەچبرانەوە، کە لەگەڵ تورکیا مەریان کردووە. حکومەتی ئەمانیا لەژێر گوشاردایە و وەزیری دەرەوە دەیەوێ هەندە مەرج بخەنە سەر تورکیا بە ناوونی دەیەوێ بڵێ:" ئەمە مادام تورکیا لەشەڕدایە، چەک و تەقەمەنی بە نانێرین". لە وەڵامدا ڕۆژنامەیەکی سەباحی تورکی بەتەوسەوە دەنووسێ: " باشە

لەمو پاش لە گرێبەستەکاندا بەمان بنووسن، چۆن و لە کوێ؟ بەکاریان بهێنین . لەمەو دوا چەکەکان تەنیا لە کودەتاکان دا بەکار دەهێنین" .
لە ڕاستیدا کێشەکە لەوەدایە، تورکیا ووڵە و ڕۆژهەڵاتی ئیسلامی و ڕووسیا وەرچەرخاوە و باوەڕی وایە شەندەفرەکەی هەرگیز ناگاتە بڕکسل، و هەرگیز وەری ناگرن ببێتە ئەندامی یەکێتی ئەورووپا.
ئەوانەی لە ئەڵمانیا دەژین، ئاگاداری ئەو پرسیارەی خەڵکی ئەڵمانن، کە زۆربەی جاران دەکەین: ئەوە بۆچی ناتوانن پەکەوە هەڵکەن یاخود پەکەوە بژین؟!.
جگەلەوەی ئەو سنوورە دەستکردانەی ڕۆژئاوا کێشاوێتی لە دروستکردنی دەوڵەتە دەستکردەکان دا، بۆتە دیواری بەندیخانەی نێتوە و گروپە ئێتنیکی و ئایینیەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست،هاوکات ئەورووپا ئەو بەهەشتەی کە بە خەی سازی داوە، لەسەر خوێن و جەستەی ئاسیا ـ ڕۆژهەڵاتی ناوین وە و ئەفریکایە. ئەوە ئەوانن ئەندازیاری ناوچەکە، دەستوەتاقمی گوڕەیەی خەیانیان هەناوەتە سەر حوکم و بە هەموو توانایەکی لەگیستیەوە پاڵپشتی لە ڕژمە دیکتاتۆرەکان دەکەن، تا کارەکانی خەیانیانی پێ مەیسەر بکەن. بۆیە دەبینین لەم میانەدا چاوپۆشی لە هەموو بڕهاکانی مرۆڤایەتی و شارستانێتی دەکەن،و درێی ڕووت و بە پێردە دەفرۆشن بە خەڵکی خۆیان و جیهان.

پرسەکی حاشا هەڵنەگرە، ساڵانەکە بە چەک و تەقەمەنی ئەڵمانیا، تورکیا کوردستان کاول دەکات و وێنە تانکەکانی ئەڵمانی لە شەڕدا دژ بە کوردی بێشەکانی تریش بەکار دێت، چێتە دەرەوەی سنووری دەوڵەتانی ناتۆوە، کەچی وتەبێژی وەزارەتی دەرەوەی ئەڵمانی دەڵێ: ئەمە بڕیگەی تەواومان نییە،ئەو تانکانە لە شەڕدا بەکار هێنراین. گاڵتەجاری بگاتە ئەو ئاستە،ئیدی هیچ بەهایەک لە دروشم و بانگاشەکاندا نامێنێ. ئەوەتا دەبینین خەشبەختانە کەمەڵی ڕۆژنامەنووس و کەسانی هونەرمەند و پێشکەرشکار و سیاسی، بڕگەی ئەو درێدەلەسە و دیماگۆگییە ناگرن و بە گوێدانە سیاسەتەکەی حکومەتی مەرکل، هێندە وتار و بەرنامەی تیڤی لەسەر ڕووداوەکان دەکەن و بە بڕیگەوە باس لە سیاسەتی دووڕوویی ئەڵمانیا دەکەن و وێنەی تانکەکان لە مەیدانی شەڕ دا نیشان دەدەن. کەچی لەتەک ئەوەشدا بە سەرمانەوە دەیانەوێ خەیان لەو تەنگەتاویە،ڕزگار بکەن، بۆیەکا حکومەت بە فەرمی هەر دەیەوێ نکۆڵی لە بکات.

لەلایەکی دیکەوە،ئەڵمان کە دەڵێن ئێمە چەک ناڕین بە تورکیا و بە ناوچەی قەیراناوی، مەبەستیان ئەوەیە تەڵەی خەیان لە ئەردۆغان

بکەنەوە. دەنا گەر ئەوان مرۆڤدۆستن و داوای ئاشتی دەکەن، بۆ هەر لە بنەتدا چەک دروست دەکەن؟ ئەی بۆ نازانن چەک بۆ شەڕ و مرۆڤ کوشتنە.! دیارە هەمان پەوەر بۆ وەتانی دیکەی ئاژەڵات و رژئاوا ئاستە.
لەوەامی ئەم پرسیارە کە گەڵە جار بۆندە لەی کردوون، دەڵێن: ئەمەش دروستی نەکەین و نزینترین وا وەتێکی تر ئەم کارە دەکات. دیارە بۆ سەردەمی سەددامیش هەر هەمان شتیان دەگوت و دەشهاتن بۆ بۆ سەدان هەزار خەڵکیان دەهێنایە سەر شەقام بۆناوی " نا خۆن بۆ نەوت". منیش دەڵێم ئەی ناتوانن ئەوە دەست پێشکەر بن و ببنە سەرتاپ بۆ وەاتانی تریش. دیارە هەردەبێت سەرتا یەکەم هەنگاو لە وەاتەکەوە دەست پێ بکات. بەڵام لەاستیدا ئەم وەرامیان بۆ خەدزینەوەیە لە ئاستییەکان.Volker Perthes ،سەرکی "ناوەندی زانست و سیاسەت" و گەورە ئاوژکاری حکومەتی ئەمانی و ئەندامی ستاقی نەتەوە یەکگرتووەکان ـ لەتەک دیمیستەڤا ـ بۆ کێشەی سوریا. لە چاوپێکەوتنێکی دا لە رژنامەی تاگێ شپیگلی ۲۸/۱/۲۰۱۸، دەڵێ : " هەناردەی ئەمانی بازاڕێکی باشە، شوێنی کار مسۆگەر دەکات و توژینەوە و پێشکەوتن بۆها پەیدا دەکەن ،گەر ئەو پارچە گەورانە بەرهەم بهێنرێ". دواتر سەبارەت بۆو پاسیفیستانەی دەڵێ ئەم چەک بەرهەمهێنانە ئاگری شەڕ خەشتر دەکات دەڵێ: "بۆ من لەم گفتوگۆیەدا توخمێکی گەوهەری دیار نییە: بەرژەوەندی ستراتیژی".
کەواتە ئەوان بۆم ماماڵێ و بازرگانییە، کە سانەی گەشەی ئابووریان بۆ ملیارد یەرێ زیاد دەکات، بازاڕیان گەرمتر دەکەن و گەشە بۆ تەکنەلۆژیای خەیان دەدەن ، هەر دەبێت بەردەوام بن. ئیدی با نەتەوەی بۆ دیفاع و تەنیاباڵی وەک کورد هەر هاوار و داد بکات. شاراوە نییە، گەر بهاتایە ئەم دەوڵەتانە هاوکار و پشتیوانی دەسەاتە خۆنەژ و دیکتاتۆرکانی ئاژەڵاتی ناوینیان نەکردایە،لەمەژ بوو کورد و گەلانی دیکە بۆ ئامانجی خەیان گەیشتبوون. بۆیکا بۆرپرسیارێتی مۆژوویی و مەاڵی دەکەوێتە سەر شانی ئەمانیش.
ئەم کورتە پێشکێیە بۆ دەوەمەندترکردنی ئەم وتارێیە کە پوختکەم لە ئەمانییەوە کردووە بۆ کوردی،لەمەڕ ئابووچوونی چەکفرۆشتنی ئەمانیا ،کە ناونراوە"ئەمانیا مرگ هەناردە دەکات".

لەژێر ئاگرباران دا
نووسینی کلاودیا ڤەن زالزەن Claudia von Zalzen

و. هەڵە بەرزنجەیی

تا ئێستا لە مێژووی حکومەتی ئەڵمانیدا هێندە چەک نەفرۆشراوە،وەک ئەوەی لەسەردەمی هاوپەیمانێتی گەورە(CDU&SPD)لە چوار ساڵی ڕابووردوودا ئەنجام دراوە.
وەزیری ئابووری جارانی ئەڵمانیا Sigmar Gabriel-SPD، هاتە قسە و دەبێت چەک ڕەوانەکردن کەم بکەینەوە.بە ئەم وەزیرەی دەرەوەی ئێستا،کۆشیکی دیکە لە چەک فرۆشتن سڕی هەڵداوە. تورکیا ئەو تانکانەی لە ئەڵمانیای کڕیوە،بە ئاشکرا بەکاریان دە لە پەلاماردان بە سەر کورد لە باکووری سوریا. لەدوا دیدیداری وەزیری ناوبراو لەگەڵ م. چاوشئگلو بە ئەرێنی باسی ئەمەی کرد و وتی: پەیوستە تانکەکان لە تورکیا مەدەرنە بکرێنەوە.

+ چی لەمەڕ ناردنی چەکەوە لە ساڵانی ڕابووردووەدا زانراوە

ڕاپۆرتی چەکفرۆشتنی ساڵی ٢٠١٧ ی حکومەتی ئەڵمانی هێشتا بڵاوەی گەیاندنی نەبووە و لەبەردەستدا نییە.،لە لە وەڵامەکدا لەسەر داوای پەرلەمنتاری چەپ Stefan Liebischوەزارەتی ئابووری چەند زانیارییەکی دەدا و دەڵێت : لە ساڵی ڕابووردووەدا هاوپەیمانێتی گەورە بایی 6,2 ملیارد چەکی فرۆشتووە. بەشێکی زۆری ئەو چەک و کەرەسە سەربازییانە بە وڵاتانی دەرەوەی یەکێتی ئەورووپاEU و ناتۆ فرۆشراون. لەبەر ئەمە (لەم کاتەدا جگە لە تورکیا) بە کۆشە کارەکە پشوازی لە کراوە،لەلایەن دەوڵەتانی سێیەمەوە کە پێیان فرۆشراوە. بە ئەم وڵاتانە چەک بایی 3,8 ملیارد یۆرە ڕەوانە کراوە و بە بڕاورد بە ساڵی ٢٠١٦ 120 ملیۆن یۆرە زیاترە.لە نێوان ساڵانی 2014-2017 دا حکومەتی ئەڵمانیا ڕێگەی بە فرۆشتنی چەک بە بڕی 24,9 یۆرە داوە. بەمەش توانیوێتی زیاتر لە کولیسیۆنی ڕەش و زەرد،واتە CDU&FDP بکەن کە ئەوان بایی 20,7 ملیاردیان فرۆشتووە. لەڕەدا ناردنی چەکەکان زیاتر بە وڵاتانی سێیەم بووە.

لە کاتێکدا لە نێوان 2010-2013 دا فرۆشتنی چەک و پەداویستی تری سەربازی بە بڕی 9,9 ملیارد یۆرە بە دەوڵاتانی سێیەم ڕێگەی پێدراوە. لەم بڕەدا لە چوار ساڵی ڕابووردووەدا ڕێژەکە بە 46% بەرز بۆتەوە. هاوپەیمانێتی CDU&SPD بە بڕی 14,5 ملیارد یان داوە بە وڵاتانی سێیەم.

+ ئەو دەوڵەتە گرنگانە کامانەن بە ناردنی چەکی ئەڵمانی؟

وڵاتە گرنگەکان لەسەروو هەمووانەوە،جەزائیر بایی 1,4 یۆرە و

میسر 780 ملیۆن یۆرۆ و عەرەبی سعودی ـ ئۆگەرچی لۆگۆ دەوڵەتی یەمەنی دراوسێیدا لەشەدایە ـ و ئیماراتی عەرەبی و کەریای باشوور لەو 10 وڵاتە گرنگەی لیستەی ئەمانیادا بە چەک فرۆشتن.

+ ژمارەکان چەن لەلایەن حکومەت و بەیووەبەری گشتییەوە دەنرخێندرێن؟

ئەمە لە 6,8 ملیارد یۆرۆوە کەممان کردۆتەوە بە 6,2 ملیارد یۆرۆ،ئەمە قسەی وتەبژێکی وەزارەتی ئابووریە. ئۆپۆزیسین بە تۆندی ڕەخنە لەم کارانەی حکومەت دەگرێ و ئیان وایە پارت دەسەڵاتدار بەتاوەی پەکی کەوتووە. Dietmar Bartsch فراکسیۆنی چەپ دەڵێت. بانگەت چەک بە میسر و و سعودیە و ئیمارات بفرۆشرێت. چەک ناردن بە ئەم موشتەریانە گرنگانەی ئەمانیا ڕابگیرێت. ڕاپۆرتەکان نیشانی دەدەن لە 2015 دا ناردنی چەک کەمی کردۆتەوە،لە لەبەر ئاوەی ساڵی ریکەرد شکاندن نیە وەک 2017
بە کورتی ئۆپۆزیسیۆن دەڵێ هەر وەاتە شەڕ بکات ،نابێت چەکی پێ بفرۆشرێ و بە ڕەوانە بکرێ.لەڕاستدا مەبەست میسروسعودیە و ئیماراتە.

+ ئۆنقەرە بە ئاشکرا تانکی ئەمانی لەدژی کورد بەکاردێنە،چی لەمەڕ ئەمە زانراوە؟

سەرەک کۆماری تورکیا ر.ت. ئەردۆغان بە گوتەدانێ ڕای گشتی نەودەوڵەتی دەیاوە هەرشەکان بەسەر چکدارانی کورد YPGدرێژە پێبدات.” سەرەتا دەیانەوێ تیرۆریستان بنەبە بکەن و پاشان ژیان بە ئاو دەقەرە بگەڕێنەوە”.ئەمە ڕاگەیاندنی ڕۆژی ٢٤/١/٢٠١٨ ئەردۆغانە.

حکومەتی ئەمانی ئاو داگیرکاریە بە نیگەرانیەوە سەرنج دەدات . قسەکەرەکەیان وتی: داوا لە هەموو لایەک دەکەین تەقە بوەستێنن و ڕێگە بە ناردنی کۆمەکی مرۆیی بهێنەوە.
بە هەرشە زەمینیەکانی تورک تانکی جۆری لیوپاردیLeopard2A4 بەکار دێنێ. ئەمانیا لە نێوان 2006-2011 دا 350 دانەی لەم جۆرە تانکە ڕەوانەی تورکیا کردووە و هیچ مەرجێکیشی لەسەر تورکیا دانەناوە.

ئۆگەرچی لە ساڵی ڕابووردوو دا لە گرێبەستەکاندا ئەمانیا داوای کرد دەبێت تەنیا بە پێی بڕگەی 5 ڕێکەوتنامەکەی ناتۆ ئاو چەکانە بەکار بێت،واتە بە داکەکی لە خۆیان و هاوپەیمانێتیەکەیان. ڕۆژی ٢٤/١/٢٠١٨ سەفیری ئەمانیا لە تورکیا Martin Erdmann وتی لۆگۆ وەزارەتی بەرگری تورکیا لەمەڕ هەرشەکانی تورکیاوە قسەمان

کردووە.

+ پەلاماری تورکیا بۆ سەر کورد چ مانایەکی هەیە بۆ چەک ڕاوانەکردن بۆ تورکیا؟

ئۆگەرچی تورکیا سەر بە ناتۆیە، بەس لە ساڵانی ڕابووردووەدا چەندین جار حکومەتی ئەڵمانی ڕازی نەبووە چەک و تەقەمەنی بفرۆشێ بە تورکیا. بەهای سەرجەم چەکی فرۆشراو بۆ تورکیا 83,9 ملیۆن یۆرۆ بووە و لە ساڵی ٢٠١٦ دا بۆ 34,2 ملیۆن یۆرۆ دابەزیوە. هەرشە سەربازییەکانی تورکیا بۆ سەر کورد چ ئاکامێکی دەبێت چانسێکی نۆ بات بۆ ناردنی چەک و تەقەمەنی بۆ تورکیا،حکومەتی ئەڵمانی لەم ڕووەوە نایەوێ هیچ بکات.

تورکیا دەیەوێ لێپاردی دوو مەدەرنۆ بکاتەوە،واتە گۆشەی زیاتری پێ بدات و داوا لە ئەڵمانیا دەکات ئەم کارەی بۆ بکات، بۆ ئەوەی بۆ هێز و توانایێکی گۆرەوە شەڕی پێ بکات.گابریل لە دیدارەکەیدا لەگەڵ چاوشئۆگلو ڕایگەیان لە کاتێکی نزیکدا پشکنین لەلایەن حکومەتی ئەڵمانییەوە دەکەین. هەر چەپ و سۆزەکان بۆتنیا داوای وەستانی چەک و تەقەمەنی بۆ تورکیا ناکەن. پەرلەمانتاری کرریست دیموکراتەکان Norbert Röttgen دەڵێ بۆتواوی دوورە تانکەکانی تورکیا تازە بکەینەوە و پشکووتووتریان بکەین. هەروەها پسپۆڕی سۆسیال دیموکراتەکانیش Rolf Mützenich دژی ئەو پڕۆژەیە وەستایەوە.

٢٨/١/٢٠١٨

.....

سەرچاوە: دەر تاگێ شپیگل ڕۆژی ٢٤/١/٢٠١٨

نامەی ئەپیکۆرس بۆ میناکایۆس … و. لە عەرەبیەوە: ئەمین بۆتانی

پێویستە مرۆڤ دووڵە نەبێ لە وردبوونەوەی فەلسەفیانە لە هەڵەتی

تەمەندا، هەر وەك چۆن دەبێ لە پایزی تەمەنیشدا وردبوونەوەی فەلسەفیانە شەکەت و ماندووی نەکا. کاتێك پرسەکە پەیوەندیی بە بایەخدان بە رۆحەوە هەیە؛ هەرگیز کات زوو و درەنگی بێ نیە، وەك چۆن کەسانێك هەن دەڵێن کە هێشتا کات بێ وردبوونەوەی فەلسەفیانە نەهاتووە یان کاتەکەی بەسەرچووە، بە هەمان شێوەی ئەوەی دەڵێ هێشتا کات نەهاتووە بێ گەیشتن بە شادمەندیی یانیش کاتەکە هەر بەسەرچووە. لەسەر مرۆڤ پێویستە لە گەنجی و پیری فەلسەفیانە وردبێتەوە، لە دڵخی دووەم بێ گەڕاندنەوەی گەشیی لاوێتی لە میانی یادکردنەوەی رۆژانی رابردوو؛ لە دڵخی یەکەمیش بێ مکوڕی و دامەزران، وەك کەنەفتێك لە رووی داهاتوودا سەرەڕای کەفوکۆی گەنجێتی. بەیە کۆشش و گەڕان پێویستە بێ دڵزینەوەی ئامرازەکانی شادمەندیی، چونکە مرۆڤ بە دڵزینەوەی؛ هەموو شتێکی چنگ دەکەوێ؛ و دوای لەدەستدانیشی هەموو شتێك دەکا بێ وەدەستهێنانی.

سەیری ئەو بنەمایانە بکە کە پێمدابووی و کاریان پێ بکە، بزانە کە لێرەدا ئەو توخمە پێویستانە هەن بێ ژیانێکی شاد. ئەوە بیر خێت بهێنەوە کە خوداوەند هەبوویەکی شادی ناکۆتایە وەك ئەوەی لە وێناکردنی هاوبەش بێ خوداوەندێتی دیارە و هیچ ئاوەڕناوێك بێ شادمەندی و نەمریی ناخرێتە پاڵی. باشتر وایە بیر لەهەر شتێك بکەیتەوە ئەو شادمەندی و نەمرییە دەپارێز. خوداوەند هەیە؛ ئەوە لە سەرەتای بوونەوە، بەڵام سروشتەکەی ئەوە نیە کە خەڵك بڕوای پێیەتی. ئەوەی خوداوەندی عەوام رەتدەکاتەوە بە هیچ شێوەیەك بڕبڕوا نیە، بەڵکو بڕبڕوای راستەقینە ئەوەیە کە هەمان ئەو ئاوەڕناوانە دەخاتە پاڵ خوداوەند پێشتر بە باڵای عەوامدا هەڵیبڕی بوو. ئەم بڕوونانە مەزەندە نین بەڵکو خەیاڵپاوییە. لێرەوەش شەڕ هەمووی بێ مرۆڤی شەڵانگێزە و چاکەش هەمووی بێ مرۆڤی چاکەکارە. عەوام راهاتووە وێنای تایبەتی بێ چاکەمەندیی هەبێ، هەر بۆیە دەیانبینی بە تەنیا ئەو خوداوەندەیان پێ قبووڵە کە بەو چاکەمەندییانەی ئەوان قایلە، بێجگە لەوە ئەوانەی دی گشتی ناجێر و نابەجێن.

دووەم شت؛ بیرکردنەوەی خێت لەسەر ئەوە چۆ و یەکلا بکەوە کە مەرگ شتێك نیە پەیوەندیی بە ئێمەوە هەبێ، لەبەر ئەوەی چاکە و خراپە هیچ راستیەکیان بێ نیە بێجگە لە وژدانی ئێمەدا نەبێ. لێرەدا درککردنی ئەو راستییەی کە مەرگ شتێکی ئەوتێ نیە، وامان لێ دەکا خۆشی لەو ژیانە فانییە وەرگرین بە بێ ئەوەی داوای مانەوەی هەتایی بکەین و تەنانەت ئاهێکی بێ هەڵکێشین. هەڵبەت ئەویش لە

میانی ئەوەی هیچ شتێك لە ژیان ئەو کەسە ناترسێنێ بەو راستییە گەیشتبێ کە لەدەستدانی خودی ژیان هەرگیز مایەی ترسلێنیشتن نیە. ئەوەی دان بەوەدا دەنێت لە مردن دەترسێت نەك لەبەر ئەوەی دۆخێکی ترسناکە کە دێ، بەڵکو لەبەر ئەوەی چاوەڕوانکردنی خودی مەرگ شتێکی مەترسیدارە، بۆگومان ئەو کەسە کەسێکی گێل و گەمژەیە.

گەمژەییە مرۆڤ خەم دایبگرێ لەبەر ئەوەی مردن بەدواوەیەتی، چونکە مەرگ شتێکە هەر کاتێ هات هیچ زەرەر و زیانێك ناخاتەوە. بەم شێوەیە مەترسیدارترین شت کە مرۆڤ لێی دەترسێ مەرگە؛ هەرگیز شتێك نیە پەیوەندیی بە ئێمەوە هەبێ، لەبەر ئەوەی مەرگ هیچ بوونێکی نیە هەتا ئێمە زیندووین، کە هاتیش ئەوساکە ئێمە بوونمان نەماوە. کەواتە مەرگ بەلای زیندووان و مردووانەوە وەك یەك هیچ بوونێکی نیە. بە مانای؛ مەرگ بەلای هەندێکەوە بوونی نیە و هەندەکەی دیکەش بوونیان نەماوە. بەمجۆرە؛ عەوام جارێکیان لە مردن دەترسن بەوەی کە شەڕ و خراپەی هەرە گەورەیە، جارێکی دیکەش ئارەزووی دەکەن بەهۆی ئەوەی سنوورێك بۆ شەڕانگێزییەکانی ناو ژیان دادەنێ. مرۆڤی دانا لە مەرگ ناترسێ، ژیانیش بار نیە بەسەریەوە، هەروەها دەرچوون لە بوون بریتی نیە لە شەڕ و خراپە.

هەمدیس زۆر و زەوەندیی خۆراك مایەی خۆشی نین بۆمان بەڵکو ئەوە جۆرە چاکەکانی خۆراکن چێژ و لەزەتمان پێ دەبەخشن، بە هەمان شێوە ئەوەی دەبێتە مایەی بەختەوەریی رەونەقی ژیانە نەك تەمەندرێژیی. ئەوانەشی ئامۆژگاریی گەنجان دەکەن روو لە ژیان بکەن و پیرەکانیش بە پیر مەرگەوە بچن کەسانی سادە و ساویلکەن، نەك لەبەر ئەوەی ژیان بەلای پیرەکانیشەوە هەمان رەونەقی هەیە، بەڵکو لەوەدا سادە و ساویلکەن کە نازانن خەمی دەستەملانی ژیان و خەمی وەپیر مەرگەوە چوون لە راستیدا هەردووکیان یەك خەمن. خراپتر لەو ساویلکەبوونەش ئەو کەسەیە پێی وایە کە نەبوون بریتییە لە کرۆکی چاکە:
کە لەدایك دەبین، بە زووترین کات لە دەرگاکانی هادیس رەت دەبین.*

ئەوەی قسەیەکی لەمجۆرە بە مکوڕی و لە دڵەوە دەکات، بۆ خۆی ناکوژێ؟ چونکە بەدەستەکانی خۆی دەتوانێ ئەو رێگاچارەیە تاقیبکاتەوە هەر کاتێك بیەوێ. ئەوەیشی کە بە گاڵتەجاڕییەوە ئەو قسەیە دەکات؛ بۆگومان ئەوە دەبێتە گاڵتەجاڕییەك لەو شوێنەی پێویستی بە رژدی و راستییە. با ئەو نموونەیە لەبەرچاو بگرین کە ئایندە بۆ ئێمە نیە، بەڵام هاوکات ئەوەندەش نامۆیە نیە پێویست نەکا چاوەڕوانی بین لەبەر ئەوەی هەر دێ، یانیش وەس و بزار بین لێی هەروەك ئەوەی ئەو ئایندەیە لە داهاتوودا بمێنێتەوە و هەرگیز

نەگات.
سێیەم شت ئەوەیە، کە پێویستە تێبگەی هەندێ لە شەهەواتەکان ئاسایی و سروشتیین و هەندێکیشیان زیادەن، و هەندێ لە شەهەواتە سروشتییەکان پێویستن و هەندێکیشیان سروشتیین و بەس. و هەندێ لە شەهەواتە پێویستەکان گرنگ و پێویستن بۆ شادمەندیی و سەعادەت، و هەندێکیشیان بۆ ئێقرەیی و سوکنایی لەش، هەندێکی دیکەش پێویستن بۆ خودی ژیان…

* ئەو دێڕە هی سۆفۆکلیسە، هادیس جیهانی خوارەوەیە، یاخود دێزەخ لە ئەفسانەی گریکی.

کاریکاتێر … ئازادی…کاریکاتێریست: جەبار



مەشعەل بە نوێنەرایەتی کۆدەستخۆشانەی داگیرکردنی عەفرین لە ئوردوگان دەکات؟! ... موزەفەر عەبدوڵا

خالید مەشعەل ، ئابووری پێشوی جوڵانەوەی ئیسلامی حەماسی فەلەستینی (حەماس) ، کە تاقمێکی کۆنەپەرستو تیرۆریستی ئیسلامی هاوشێوەکانی

کوردستانێ ، لەمڕۆژانەدا لە بەنێوکدا دەسخۆشانەی لە ئەردوگان کردەوە بە داگیرکردنی شاری عفرینو کوشتوبڕی خەڵکەکەیو فەرهود کردنی سەروماڵیان.
ئەم هەواڵەش بۆتە جێگای پرسواو هەوەستگیری بەرچاوی زۆر کەس کە لە دەزگاکانی ڕاگەیاندنوتەنانەتکەمەڵایەتی یەکاندا دەنگی داوەتەوە.
بە تایبەتی بۆتە بەهانەیەک بۆ تۆقینەوەی بورکانی ڕقو قینەی قەومی زۆرێک لە ڕەشنبیرو نوسەرو سیاسەتمەدارێ ناسیونالیستەکان لە دژی هەمو خەڵکی فەلەستین، وەک ئاوەی مشعەل نوێنەری هەمو ئاو خەڵکێ بێت.

